**یادی کەڵە مرۆیەکی شاعیر و ئەدیب و ڕەخنەگر و مامۆستا و...**

## ***فەرەیدون عەلی ئەمین***

مردن، دوا قۆناغە،کە کۆتاییەکی تاڵ و دڵتەزێن و یەکجاری بە ژیانی مرۆڤ دێنێت. لەم یاسایەدا هیچ کەس هەڵنابوێرێت و هەموو لێرەدا یەکسانین. سەرباری ئەوەیشی کە چاوەڕوانی ئەم ئاکامە وا تاڵ و ناخۆشە،کەچی لە هەندێ باردا زۆر کەس هەن کە نائومێدی ژیان بەسەریاندا زاڵ دەبێت هێشتا بۆی بەئاواتن. گەلێکیش هەن بەرلەوەی ئەو مۆتەکە بێ ڕوحمە سەرسنگیان بگرێت، بەهیوای ئەوەن ئەو چەندەها ئاوات و پرۆژەیەی لە مێشکیاندا خول دەخوات بە ئەنجام بگەیەنن و پێشکەشی بکەن. بەکورتی و کرمانجیەکەی هەن لە پەراوێزی ژیان دا بێ بەرنامە دەژین و لەبەردەم وێستگەی مردن دا چاوەڕوانی دەکەن. هەشە هەمان ڕاستی مردن دەزانێ، وەلێ دەخوازێ پاش خۆشی ژیان هەربەردەوام بێت و خزمەتێ لە پاش خۆی بە خاک و نەتەوە و سەرجەمی مرۆڤایەتی بکات.

ئەم هاوکێشە بە سفتوسۆ و حەتمییە بۆتە یاسا و دەستوورێکی بەڵگەنەویست و لەگەڵ جوانی لەدایک بوون دا هەیە. هەر یەک لە ئێمەش لەگەڵ ماڵئاوایی ئازیز و دڵسۆز و خۆشەویستێکیدا تەزووی ئەو ژان و ئازارەکان پێیدا گوزەر دەکاتەوە و پرسیارە ئەزەلی گشتییەکەمان لەبەردەمدا قووت دەبێتەوە. ژیان چییە؟ بنۆڕە ژیان چەند بێ مانایە بۆ فلان کەسیش نەما. سەرلەنوێ فلیمی یاد و یادگار دەکەونەوە کار و کسپە لەهەناو هەڵدەستێننەوە.

ژمارەی ئەو قوتابی و مامۆستا و ئەدیب و شاعیر و دۆست و ئازیزانە زۆرە کە هەر بەناوهێنانی مامۆستا ***فەرەیدون عەلی ئەمین،*** بروسکەی چەندەها و جۆرەها یاد و بیرەوەریی بەمێشک و خەیاڵیاندا تێدەپەڕێت و ئاخێکی پڕ ئەفسووس بۆ مەرگی ئەو هێژا و ئازیزە، بۆ ئەو کۆتاییە ناوەختە بۆ ئەو زیانە مەزنەی لەدەستدانی ئەو مامۆستا هێژایە هەڵدەکێشن.

خۆشحاڵم لە ڕێگای گۆڤاری (**خوێندکاری کورد**)ەوە،ئاوڕێک بدەمەوە لە یەکێ لە شاعیر و نووسەر و ڕەخنەگر و کوردیزانی هەرە تێکۆشەر و پێشڕەوی ئەدەبی منداڵان و مامۆستایەکی بەئەمەکی بیری کوردایەتی و پسپۆڕێکی پەروەردەکاری بواری پەروەردە و زانستی کوردی. بەسەرکردنەوەی دڵسۆزیی و خزمەتی هەر تاکێکی شەونخوونی کێش و ماندوو و قوربانی دەر لە پێناوی سەرکەوتن و بەرەوپێشەوەچوونی نەتەوەکەمان دا، ئەرکێکی هەرە سەرەتاییە. هەمان کات تۆماری قەرزدانەوە و ئەمەکێکە بە ڕاستی و مێژوو. ئەوجا دادڕینی پەردەی فەرامۆشی ڕووخانی دیواری بێدەنگییە، کە بەهەق دراوە بەسەر چەند ڕۆڵەیەکی سەربازی وننناوی گەلەکەمان دا. لە ڕاستیدا تەرخانکردنی چەند لاپەڕەیەک بۆ کۆچی دوایی ناوادە و پڕ لە ژان و سوێی مامۆستا فەرەیدون، هەموو ئەو یادگار و هەڵوێست و دەریای وردو هەستی ناسک و بیری گەش و قووڵی کوردایەتی و پرۆژەی کار و بەرهەم و ژیانی گشتی مامۆستای پێ لە چوارچێوە ناخرێت.

مامۆستا فەرەیدون بە گەواهی ئەوانەی ناسیویانە و نەیانناسیوە کانییەک بووە، هەمیشە ئاوی ڕوون و شیرین و هیوا و خەندەی لێهەڵقوڵاوە. لە زۆر بواردا شاسوار و باڵادەست بووە. بەو ماڵئاواییە ناوەختەی هەم خۆی بە ئاواتی زۆر شت ڕانەگەیشت و هەم ئێمەی دۆست و بەپەرۆشی ئەدەب و فەرهەنگ و تینووی بیری کوردایەتی لە بەهرەی بەرهەمەکانی بێبەش بووین.

ژیانی ئەدەبی مامۆستا لە ساڵی ١٩٥٤ وە بە بڵاوکردنەوەی شیعر و چیرۆک و ڕەخنە بابەتی سیاسی و هزری دەست پێ دەکات بۆ ماوەی چل ساڵ لە گۆڤار و ڕۆژنامە ئاشکرا و نهێنییەکان دا بەرهەمی بڵاوکردۆتەوە. یەکەم کۆمەڵە بەرهەمی هەر لەهەمان ساڵی ناوبراودا لەگەڵ مامۆستا (**عومەر عەبدولرەحیم**) بەناوی **"پاڵەوانی دواڕۆژ"** پێشکەش بە منداڵانی کورد دەکات.

مامۆستا شارەزایەکی لێوەشاوەی زۆر شێلگێری ئەدەبی منداڵان بوو. سەرکەوتنی گەلەکەی و دواڕۆژی بەختیاری و یەکسانی لە نیگای چاوی زارۆیانی کورد دا دەدییەوە. تەماشا دەڵێت:

***" ڕۆڵە جگەرگۆشەکان! نیشتمان چاوەڕێی هیممەت و هێزی بازووی ئێوەیە. دڵ پاک بن لەگەڵ یەک،دوور بن لە کینە و دژایەتی. هەوڵ بدەن پێ بگەن و ببن بە پێشڕەو".***

مامۆستا فەرەیدون چاک لە باری بندەستی و هەژاری و نەزانینی کورد گەیشتبوو،هێندە دژ بە نەزانین وەستابووە تا لەم بەیتە شیعرەدا ئاخ و داخی خۆی دەردەبڕێت:

***ئاخ خوێندەواری داخ خوێندەواری.....بۆ کورد دەبێتە مایەی بەختیاری***

مامۆستا خەون و خەیاڵی شەو ڕۆژی و کاروپیشەی ئەدەبی و سیاسی خۆی هەر بۆ سوود و بەرژەوەندی و گەیشتنە دوا ئامانجە ڕەواکانی نەتەوەکەی و گەیشتن بە کاروانی گەلانی دیکە بەکار دەهێنا. زۆر کوردپەروەر و مرۆڤدۆست بوو. هەقپەرستیک بوو لە پێناوی داکۆکردن لە ڕاستی، باکی لە هیچ هێز و دەسەڵاتێک و زیانی ماڵی و گیانی نەبوو. ڕەوشت جوان و بەرز بوو، بەویژدان و پاک و قسە لە ڕوو بوو. لەسەر بیروباوەڕی خۆی کە تێدا یەقین بوو سوور بوو. کوردایەتی دەکرد بە هەموو مانایەکەوە. سەرنجی ورد و هوشیارانەی دەربارەی مەسەلەکان هەبوو. لە نێو کۆڕی خەبات و یاران دا خۆشەویست و بەڕێز بوو. ماڵی دنیا و بەرژەوەندی تاکە کەسی خۆی زۆر لامەبەست نەبوو. هەڵپەی پلەوپایەی نەبوو. کار و پلەیەک بە ڕەنجی خۆی نەهاتایە بەرهەم، ڕێزی لە خاوەنەکەی دەکرت.

پاش ڕاپەڕینی ١٩٩١ و خولْقانی ئەو بارودۆخەی هەیە،سەرکردایەتی (**پاسۆک**)چەندین جار ڕوویان لێ ناو برا گەورەییان بۆ سەلماند کاریان لەگەڵ دا بکات، ئەو بە ئەمەک و هێژاوە خەباتی هاوبیرەکانی نرخاندوو، بە نەزاکەتەوە پێی ڕاگەیاندن:**" کە ئەو ئامادە نییە بێتە سەرخوانی ئامادە بوو".**

مامۆستا فەرەیدون لە کادێر و سەرکردە هەرە دڵسۆز و خۆشەویست و ماندووبووەکانی "کاژیک" بوو. لە ساڵی ١٩٦٢ هەتا ١٩٧٥پێشمەرگەی شۆڕش و کورد بوو. لە ڕسکانی (پاسۆک)ئاگادابووە و پرس و ڕای پێ کراوە و باری سەرنجی خۆی هەبووە. مامۆستا بەوردی سەرنجی ڕووداوەکانی کوردستانی داوە و کۆمەڵێ یاداشت و دیدی خۆی تۆمار کردووە مەخابن دەرفەتی بڵاوکردنەوەیان نەبووە. هێندەی ئێمەش ئاگادارین وا خێزانی مامۆستا خەریکی کۆکردنەوە و ڕێکخستنی بەرهەمە بڵاوکراوە و نەکراوەکانێتی بۆ چاپ کردن. بەهیوای دڵ و چاوی هەمووانی پێ ڕوون بێتەوە.

مامۆستا فەرەیدون، لە ١٩٣٣/٢/٢٩ لە شاری سلێمانی لە بنەماڵەی(ئەمینی کامە حەمەی)ناسراو هاتۆتە دنیاوە. ١٩٥٣ خوێندنی پەیمانگای مامۆستایانی لە بەغدا تەواو کردووە. بە مامۆستایی لە شاربازێڕ و سلێمانی و چوارتا دامەزراوە. ساڵی ١٩٧٥ بەکالۆریۆسی لەسەرپەرشتی پەروەردە لە زانستگەی موستەنسرییە تەواو کردووە و دەبێتە سەرپەرشتکار و لێکۆڵەری زانستی. ١٩٨٢ لەسەر داخوازی خۆی خانە نشین دەکرێت. لە ١٩٨٥ وە هەتا ١٩٨٩ لە بەشی کوردی کۆلێژی پەروەردەی زانستگەی بەغدا لێکچەر دەڵێتەوە. مامۆستا لە هەموو پیشە و کارەکانی دا دڵسۆز و سەرکەوتوو بووە.

مامۆستا فەرەیدون... لە دامەزرێنەران و دەستەی بەڕێوەبەرانی( **یەکێتی نووسەرانی کورد** ) و ئەندامی دامەزرێنەری (**کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کورد**)ە.

١٩٧٢ هاوسەری خۆی هەڵبژاردووە و دوو کوڕی بەناوی ئاسۆ و ئالان هەیە. ماندوو بوونی ڕۆژانی شۆرش و داخ و حەسرەتی باری ژیانی کورد،زۆر بە قورسی لە تەندروستی دەکەوێت. بۆیەکا لەمەنێکی زوودا و بە دنیایەک فەنتازی و ئاواتەوە لە ڕۆژی ١٩٩١/١١/٢٥ بە نەخۆشی برپڕەی پشت لە بەغدا، چاوەکانی لێک دەنێ و ماڵئاوایی یەکجارەکی لە ماڵ و منداڵ و کەس و ئازیزان و نیشتمانەکەی دەکات. لەسەر داخوازی خۆی بۆ گردی سەیوانی سلێمانی دەهێندرێتەوە.

مامۆستا فەرەیدون چرایەکی ڕۆشنبیریی و هەقپەرستی و گیانی پڕ لە ڕاستی و مەردایەتی کوردایەتی و نموونەی بەرزی گەلەکەمان بوو. بە پەرۆشەوە هەوڵی هۆشیارکردنەوە و ڕۆشنبیرکردنی دەدا. عاشقی خوێندنەوەی مێژووی کورد و ئەدەبەکەی بوو. چەندین بەرهەمی بۆ منداڵان بڵاوکردۆتەوە و چەندینیشی لە زمانی ئینگلیزییەوە بۆ وەرگێڕاوین.


ئەدەبی بـــە پێزو بەلەزەت ، زمان لای کەسانی میللەت خۆشەویست ئەکاتو رۆژ بە رۆژ هۆگری ئەبنو شانازی ی پێوە ئەکەن ، من زۆر جار گوێم لێ بووە کە یەکێك گوێی لە شیعرێکی باشی «گۆران» یان «پیرەمێرد» یان «هەردی» یان «هێمنی موکریانی» بووە ، بە قوربانی ئەو زمانەش بووە کە ئــەو شیعرەی پێ ووتراوە ، دیارە ئــەم بە قوربان بوونو شانازی یە ، ئۆتۆماتیکی ئەبێتە بە قوربان بوونو شانازی بە میللەتەکەوە ، کە ئەمە یەکێکە لــەو هۆیانەی کـــە ئەوترێت شاعیرو ئەدیب لە رێگەی خزمەتی زمانەوە خزمەتی گەورەی نەتەوە ئەکەن •

نرخی ~~...~~ فلسە

بە یارمەتی کۆمەڵی رۆشنبیری کوردی

لە چاپ دراوە

سەرچاوە: خوێندکاری کورد ژمارە٢٦ی گەلاوێژی ٢٦١٠ ـ١٩٩٨


فەرەیدوون عەلی ئەمین
چەند سەرنجێک لە
پیرەمێردی شاعیر




ساغکردنەوە و نووسینەوە و ئامادەکردنی
کاوە ئەحمەد میرزا
سەلام مستەفا






دەقی ئەو قەسیدەی مامۆستا شێرکۆ بێکەسی ڕەوانشاد بۆ مامۆستا فەرمیدونی وتووە.